www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 27-5-2007 21:27

## دوای تەقینەوەکان کەس هەیە خۆی بەبەرپرسیار بزانی و داوای لێبوردن لە کەس و کاری قوربانیەکان بکات؟ ... باوکی هەریاد

زنجیرەیەك تەقینەوەی خۆ كوژی یەك لەدوای یەك لە چەند رۆژی رابردوو گیانی پاكی چەندین بی گوناهیان درویێنە كرد لەگەڵ درویێنەو خەلەو خەرمانی دەشتی قەراج و كەندێناوەتێكەڵیان كردن، ئەمیان بەرەكەت و ئەویان كارەسات! لە هەمووشیان سەخت ترو كارەساتبار تر هەردوو تەقینەوەكەی پێش وەزارەتی ناوخۆو مەخموور بوون. ئەوەی جێی داخە هەر زوو بەرێز وەزیری ناوخۆ بەرپرسیاریەتی تەقینەوەكەی مەخمووری لە كۆڵ وەزارەتەكەی كردەوەو خستیە ئەستۆی حكومەتی عێراقی، وەك ئەوەی ئەم هەموو ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەیە لە ناوەراستوو باشوری عێراقەوە هاتبن و مافی وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمیان بەسەرەوە نەبێ، لەدوای تەقینەوەكەی مەخمووریش لەجیاتی هێوركردنەوەو ئارام كردنوەی بارودۆخەكە و گێرانەوەی متمانە بۆ خەڵك، مەخمووریان كردووە بە سەربزگەیەكەی گەورەو لە هەموو لایەكەوە بە تۆڕی گەورەی پڕ لە خۆڵ چواردەوری بارەگا حزبی و حكومیەكانیان پێ گرتووە كە هێندەی تر خەڵكیان نیگەران كردووەو بێزاری بەدەم و چاوی هەموو كەسێكەوە دەبیندری،

بۆ ئەو كارە تیرۆرستیانەی تریش كە لە ناوچەكانی ژێر كۆنترۆلی حكومەتی هەرێم ئەنجام دراون كە جەنابی وەزیر بە ناوچەی ئارام و ژێر كۆنترۆل ناویان دەبا و رۆژنامە نووسانی سەر بە حزبی دەسەڵاتیش هەمان قەوانی ئامادەمان بۆ لێدەدەنەوەو پێمان دەڵێن خۆ تەقینەوە هەر لە كوردستان رووی نەداوە ئەی ئەوە نییە لە ئەمریكاو بەریتانیاو فەرەنساو ... هتد كە خاوەنی نوێترین دەزگاو ئامێری چاودێری كردن و بەدواداچوونن كەچی تەقینەوە هەر روودەداو كوردستانیش سەرەرای ئەوەی كە حكومەتەكەی ساوایە؟! لەرووی جیۆپۆلەتیكیشەوە هەرچوار دەوری بە دەوڵەت و نەتەوەی نەیار دەور دراوەو ئەمرۆ شەڕی گەورەی دژە تیرۆر كە ئەمریكا سەركردایەتی دەكا لە ناوچەكەی ئێمە بەڕێوە دەچی ... بەلای منەوە ئەمانە هەرچەند راست بن پاساو نین بۆ خۆ دزینەوەو نیشاندانی ئەوەی كە قەزاو قەدەر بەرپرسیاری یەكەمی ئەو كردەوە تیرۆرستیانەن. لە پێشكەوتووترین و دواكەوتووترین دەوڵەتی دونیا كاتێك كارەساتێك روو دەدا هەرچەندە سروشتیش بی حكومەت و وەزارەتی پەیوەندیدار خۆیان بە بەرپرس دەزانن و جاری وا هەیە حكومەت بەتەواوی دەست لەكار دەكێشێتەوە ئەوە ئەگەر نەخرێنە بەردەم دادگا، دەبا ئیتر ئێمەش فێر بین خوێنی مرۆڤمان لا لە پلەو پایەو دەسەڵات گرنگتر بێت و ئازایانە رووبەروی بەرپرسیارێتی ببینەوە.

مەخموور 2007/5/27

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.